# شەپقەی خۆر

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yaho.com

خۆر ،
دزێکی هەرزەکارە
تەنیاش رەنگ ئەدزێت !
بەیانینا بە دیواری کۆشکەکانا هەڵدەگەڕێت و
بە هانکەهانك دەگاتە سەربان .
رەنگی ئەو :
ئەتەگ و
لیباس و
ستیانانە ئەدزیٚ ،
کە بەسەر تەنافەوەن !
رەنگی : باليف و
چرچەف
وپەرچەم و
موستيلەو
رەنگی قۆڵ و
گەردنی ئەو کچە عازەبانە ئەدزیٚ ،
کە درەنگ لە خەو رادەبن .

—

خۆر ..
دزێکی مەعلانە
بیٚ ئەوەی پەنجەرەی شووشەکان بشکێنێت
،شەپقەکەی پڕ دەکات لە رەنگی :
پەردەو
قەنەفەو

فەرش و
بەرماڵ و
لەرەنگی تابلۆ .

—

خۆر ..،
عەبایەکی زیوین دەدا بەسەریاو
لە بازاری قوماشی ژنانەدا ،
رەنگ لە قاسەی بازرگانەکان ئەدزێ .
لە پەرژینی باخەکان دەپەڕێتەوە و
پەلاماری ملوانکەی درەخت دەدا ،
جانتا لە دەستی پەپوولە دەفڕێنێ و
گیرفانی گوڵ ئەبڕێ .!!

—

خۆر ..،
دزێکی زگماکە
دزی لە هەموو رەنگەکان دەکات
جگە لە رەنگی
رەش !
جگە لە رەنگی
سپی !
رەنگی رەش بۆ چاوی ( یار )
جێدەهێڵێ و
رەگی سپیش بۆ پرچی ( من )

---